

# سوهێر ڕەمزی:

## بەقسەی ئەزهەر دەگەڕێمەوە بواری هونەر

سوهێر ڕەمزی کە لەدەیەی حەفتاو هەشتاکانی سەدەی رابردوو یەکێك بوو لەنێودارترین سینەماکارە میسرییەکان کە ڕۆڵە ئیغراییە جنسیەکانی دەگێڕا، لەسالّی ١٩٩٢ وازی لەبواری هونەری هێناو حیجابی پۆشی و مێردی کرد. دوای تەڵاقدرانی ئێستا مێردی بە سەرمایەدارێك کردووە بەناوی عەلا شربینی.

سوهێر ڕەمزی دەڵێ پابەندبوونم بەئاینەوە لەسەر دەستی شێخ محەممەد متوەلی شەعراوی بوو کە دەیگوت "هونەر حەرام نییە، بەڵام ئەو شتەی زیان بەخەڵك بگەیێنێ حەرامە". ئەو دەڵێ ئێستاش کە بڕیاری گەڕانەوەی داوە راوێژی بە مامۆستایانی ئایینی و شێخەکانی جامیعەی ئەزهەر کردووە کە پێیانگوتم دەتوانی بەحیجاب و بەهونەرێکی خاوەن پەیام نەك هونەرێکی تەهریجی بگەڕێیەوە بواری هونەر. سوهێر ڕەمزی ئەوەی ڕەتکردەوە کە بۆ پارە گەڕابێتەوەو گوتی من حاڵم زۆر باشەو مێردەکەم هەموو شتێکم بۆ دابین دەکا من وەکو ئەوانە نیم کە بۆ پارە دەگەڕێنەوە بواری هونەر. هەروەها گوتی مەسەلەی مکیاژکردنیش بۆ ئەو نابێتە گرفت، چونکە ئەگەر بۆ دیاریکردنی دە وچاوو بەشێوەیەکی ماقوڵ بێت حەرام نییە